


KCCRC

Islamic Studies

# دەوڵەتی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و نفوزی دەوڵەتی تەریب


زنجیرە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان ١٦٣

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

# دەوڵەتی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و نفوزی دەوڵەتی تەریب

ن: رائید مەحمود
و: ئیدریس سیوەیلی

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٣

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# دەوڵەتی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێز و نفوزی دەوڵەتی تەریب

ن: رائید مەحمود

**پێشەکی**

مشتومڕ دەربارەی گرووپە چەکدارەکان کە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدان، بەشێکی بنەڕەتی گرنیگپێدانی شەقامی سیاسیی عێراقە، بە جۆرێک ئەو گرووپانە بە نزیکیان لە ئێران ئەژمار دەکرێن، کە وەلائیان بۆ سەرکردایەتی ئایینی ئێران هەیە و هەر ئەویش سەرچاوەی هێز و پارەدارکردنی ئەو هێزانەیە، تا ئەو ئاستەی بوونەتە هێزێکی تەریب بە دامەزراوەکانی دەوڵەت، تەنانەت زیادەڕۆیی نییە ئەگەر گوزارشتی (دەوڵەتی تەریب) بۆ ئەو هێزانە بەکاربێنین.

ئەو گرووپە چەکدارانە بەشێکی سەرەکی حەشدی شەعبین و پێگەی سەرکردایەتیان تێیدا هەیە، خۆیان وا دەناسێنن کە بەشێکن لە (میحوەری بەرگری) سەر بە ئێران لە تەواوی ناوچەکە، لە ڕاگەیاندنیشدا بە (گرووپە وەلائیەکان) دەناسرێن، ئەمەش لەبەر وەلائیان بۆ ئێران و رابەری گشتی ئێران عەلی خامنەیی، لەم توێژینەوەدا ئەو گرووپانە لە ژێر ناوی (گرووپە جێبەجێکارەکان) پۆلێن دەکەین، دیارترینیان برێتین لە: ڕێکخراوی بەدر/ باڵی سەربازی، کەتیبەکانی حیزبوڵا، بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتیبەکانی سەید شوهەدا، کەتیبەکانی ئیمام عەلی، بزووتنەوەی نوجەبا و سریەکانی ئەڵیعەی خوراسانی.

پەیکەری حەشدی شەعبی بەو جۆرەیە کە بە فەرمی دانیپێدانراوە، لەو چوارچێوەدا سەرکردەکانی گرووپە جێبەجێکارەکان داکۆکی دەکەن لە ئیدارەدانی دادگا، بەندیخانە، کارگەی پیشەسازی سەربازی و شتەکانی تری تایبەت بە خۆیان بە جۆرێک کە تەریبی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق بێت، هەمان ئەو شێوازە بەکاردێنن کە سوپای پاسدارانی ئێران یان گرووپە نزیکەکانی وەکو حیزبوڵای لوبنانی پەیڕەوی لێدەکات. بە فەرمی حەشدی شەعبی «پێکهاتەیەکی سەربازی سەربەخۆیە و بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و پەیوەستنە بە سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکان».

حەشدی شەعبی زیاتر لە ١٦٤٠٠٠ چەکداری هەیە، بەم جۆرە دابەش بوون، ١١٠ هەزار چەکداریان دابەشبوون بەسەر ٦٧ گرووپی شیعە، لە نێویاندا ٤٤ گرووپیان پەیوەستن بە ڕێبەری ئێران عەلی خامنەیی، ٩ گرووپی حەشدی عەشایەری (نزیکەی ٤٠- ٥٠ هەزار چەکداری عەرەبی سوننە)، ٩ گرووپ (کەمتر لە ١٠ هەزار چەکدار) لە پێکهاتەکانی تری وەک مەسیحی، ئێزیدی، تورکمانی و ... تاد کە لە دەشتی نەینەوا و ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان بەغداد و هەولێر بڵاوبوونەتەوە.

لە کۆتایی ٢٠١٧ و دوای ڕاگەیاندنی شکستی داعش، ڕکابەری حەشدی شەعبی بۆ دەزگاکانی دەوڵەت لە چەندین بوار لەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەستی داعش بوون دەستیپێکرد، بەشێکی بەرچاوی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی هەرێمەکان لەژێر سەرپەرشتی گرووپە جێبەجێکارەکانی ناو حەشد بەڕێوەدەچوو، ئەوەش بە شێوەی سەربەخۆ و هاوشێوەی دەزگایەکی تەریب بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق، لە پاڵ ئەم دیاردەیە مومارەسەی هاوشێوەیان لەسەر ئاستی سەربازی و ڕێکخستنی ناوخۆ پەیڕەودەکرد، بەجۆرێک بەکارهێنانی زاراوەی (دەوڵەتی تەریب) لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراق بووە گوزارشتێکی پەسەندکراو.

ڕێوشوێنەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەپاندنی ئەمری

واقیع جۆرێک لە دڕدۆنگی لای کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی دروستکرد، ئەوان دەیانویست بڕیاری دامودەزگاکانی دەوڵەت و یاسا جێبەجێبکرێت، بەڵام گرووپە جێبەجێکارەکان پاشەکشەیان لە پارێزگاکانی ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژئاوای عێراق ڕەتکردەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسای حەشدی شەعبییە کە دەڵێت «بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی هێزەکان بەسەر پارێزگاکان لە دەسەڵاتی سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندایە».

هەروەک بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری لە بەرژەوەندی گرووپە جێبەجێکارەکان لەسەر حسابی دامودەزگاکانی دوڵەتی عێراق دەبووە لاوازکردنی سەروەری و دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر دامودەزگاکاندا و پەککستنی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت، ئەمە وێرای پێبەشبوونی بودجەی دەوڵەت لەو داهاتە زیادانەی کە دەکرێت بەشداربێت لە دووبارە بنیادنانەوەی ژێرخان و بووژاندنەوەی ئابووری کە بەهۆی جەنگی دژ بە داعش زیانی زۆری بەرکەوتبوو.

### سیماکانی بنیادنانی دەوڵەتی تەریب

یەکەم: نفوزی سیاسی

بۆ بەهێزکردنی نفوزی سیاسیی لە ناوەندەکانی بڕیاری عێراق، هێزە جێبەجێکارەکان هاوپەیمانی (فەتح) یان بە سەرۆکایەتی هادی عامری ئەمینداری گشتیی ڕێکخراوی بەدر دروستکرد، لە هەڵبژاردنی ٢٠١٨ توانیان ٤٧ کورسی لە کۆی ٣٢٩ کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبێنن، هاوپەیمانێتییەکە ١٨ کیانی سیاسیی لەخۆدەگرێت کە زۆرینەیان باڵی سیاسیی گرووپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی هاوپەیمانی ئێرانن، دەکرێت بڵێین هاوپەیمانێتییەکە نوێنەرایەتی گەورەترین گرووپی چەکدار دەکات، لەوانە: ڕێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، کەتیبەکانی جوندلئیمام و گرووپەکانی تری هاوپەیمانی ئێران.

سەرکردەی گرووپە جێبەجێکارەکان نفوزی سیاسیی خۆیان لە ڕێگەی هاوپەیمانی فەتح بەکاردێنن بۆ دانانی بەرپرسانی پەیوەست بە خۆیان لەو پۆستانەی وەریدەگرن، ئەمەش لەسەر بنەمای دابەشکردن و پرەنسیپی (بەشبەشێنە- المحاصصة) کە لە ٢٠٠٣ بەدواوە لە عێراق پەیڕەوی لێدەکرێت.

### دووەم: توانای ئابوری

دوای تەواوبونی ئەرکی جەنگان دژی داعش لە کۆتایی ٢٠١٧، گرووپە جێبەجێکارەکان پێگەی خۆیان لە چەندین بوار لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەهێزکرد، ئەمەش لە ڕێگەی بنیادنانی دەزگای ئابووری تەریب بە دەزگاکانی دوڵەت، بە تایبەت لەو پارێزگایانەی بە بەشداری حەشدی شەعبی و پاڵپشتی هاوپەیمانی

> سەرکردەی گرووپە جێبەجێکارەکان نفوزی سیاسیی خۆیان لە ڕێگەی هاوپەیمانی فەتح بەکاردێنن بۆ دانانی بەرپرسانی پەیوەست بە خۆیان لەو پۆستانەی وەریدەگرن

نێودەولەتی لەدەست داعش دەرهێنران.

زۆرینەی گرووپە جێبەجێکارەکان کە زۆربەیان گرووپی شیعەی چەکداری پەیوەست بە فەیلەقی قودسی ئێرانن، لە شار و پارێزگاکانی عێراق نووسینگەی ئابووریان هەیە، لە ناویشیاندا بەغدای پایتەخت، ئەرکی ئەو نووسینگانە خۆیدەبینێتەوە لە کۆکردنەوەی بەخشش و بەدەستهێنانی دەستکەوتی دارایی بێ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان لە حکومەت وەگرتبێت. ئەو نووسینگانە دەستیانگرت بەسەر توانا ئابووریەکانی

موسڵ و کێڵگەکانی نەوت لەو پارێزگایە، ئەمەش بە ڕەزامەندی فەرمی ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران.

نووسینگەکانی ئابووری بڕە پارەیەکی مانگانە لە خاوەن قاوەخانە، چێشتخانە، کۆگاکانی بازرگانی و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر وەردەگرن کە دەچنە ناوچەکانی ژێر دەستی ئەو گرووپانە، داهاتەکەشیان بە ملیۆنان دۆلار دەخەمڵێنرێت، کە کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی لەکارکەوتو، چەکی زیادە، ئەنکەری ئاو و تایەی بەکارهاتووش لەخۆدەگرێت کە بە سەدان تەن مەزەندە دەکرێت. بە نموونە داهاتی خاڵێکی

”

**زۆرینەی گرووپە جێبەجێکارەکان کە زۆربەیان گرووپی شیعەی چەکداری پەیوەست بە فەیلەقی قودسی ئێرانن، لە شار و پارێزگاکانی عێراق نووسینگەی ئابووریان هەیە**

“

پشکنینی نێوان هەردوو پارێزگای دیالە و کەرکووک بە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلاری ڕۆژانە دەخەمڵێنرێت کە دەچێتە گیرفانی کەتیبەکانی حیزبوڵا، ڕێکخراوی بەدر و عەسائیبی ئەهلی حەق. ئەمە وێرای ئەوەی گرووپە جێبەجێکارەکان لە هەوڵی زیادکردنی داهاتیانن لە ڕێگەی دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت، کردنەوەی زانکۆ، قوتابخانەی ئامادەیی و ناوەندی و وەبەرهێنان لە بازاڕدا، بەڵگەی نفوزی گرووپە جێبەجێکارەکان لە دەزگا ئابووری و سەربازییەکانی دەوڵەت بە ڕوونی دەبینرێت، بە تایبەت لە ڕێگەی ڕادەستکردنی دەزگاکانی سەر بە دەوڵەت بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە بە ئەو گرووپانە بۆ ڕەچاوکردنی ڕێنمایی یاسایی لە ڕێگەی کەمکردنەوە یان یاسای وەبەرهێنان.

### سێیەم: توانای دارایی

گرووپە جێبەجێکارەکان نفوزی خۆیان لە ئەنجومەنی نوێنەران بەرەوپێداوە بۆ زیادکردنی پشکی حەشدی شەعبی لە بودجەی دەوڵەتدا کە لە بودجەی ٢٠٢١ گەیشتە نزیکەی (١,٦) ملیار دۆلار، گرووپە جێبەجێکارەکان و حیزبە سیاسییەکان دەستیانگرتووە بەسەر بەشێکی بەرچاوی داهاتی دەروازە سنوورییەکان و بەشێکی کەمی دەگەڕێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەتی عێراق.

داهاتی ساڵانەی دەروازە سنوورییەکان بە نزیکەی (١٠) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، لەو بڕە نزیکەی (٢,٤) ملیاری دەگەڕێنەوە خەزێنەی دەوڵەت، کەواتە داهاتی گرووپە جێبەجێکارەکان و حیزبە سیاسییەکان کە باڵی سیاسیی گرووپە چەکدارەکانن نزیکەی (٧,٦) ملیار دۆلاری ساڵانەیە.

داهاتی دەروازەی قائیم کە بە هۆی گەندەڵییەوە دەکەوێتە دەست گرووپەکان و لە ڕێگەی قاچاخچێتی کاڵا، ئاژەڵ و چەک مانگانە چەند ملیۆن دۆلارە، ئەمە وێرای ئەوەی دەروازە سنووریە نافەرمییەکان بوونەتە شوێنی قاچاخچێتی نەوت، چەک و ماددەی هۆشبەر. عەسائیبی ئەهلی حەق، گەورەترین گرووپی جێبەجێکارن کە دەستیانگرتووە بەسەر (٨٠٪) داهاتی دەروازەی سنووری شەیب لەگەڵ ئێران.

### چوارەم: توانای چەکداری

بە گوێرەی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی کە لە ئەنجومەنی نوێنەران لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ دەرچووە، حکومەتی فیدراڵی و وەزارەتی ناوخۆ پابەندن بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان و پڕچەککردنی حەشدی شەعبی، بەوپێیەی پێکهاتەیەکی سەربازی سەربەخۆ

سەر بە هێزە چەکدارەکانی عێراقە.
لە کاتی جەنگی ئازادکردنی شارەکان لە دەستی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤- کانونی یەکەمی ٢٠١٧، گرووپەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن حکومەتی عێراق و هاوکارییەکانی ئێران (مەشق، راوێژ، چەکی قورس و کەرەسەی سەربازی) ئامادەکرا، ئەمە سەرەرای ئەو برە پارەیەی لە بودجەی حکومەتی فیدراڵی بۆ کرینی چەک تەرخان کرابوو لە بودجەی ٢٠١٩، بۆ نموونە بری ٨٠ ملیۆن لە کۆی ٩٠٦ ملیۆن دۆلاری وەزارەتی بەرگری (٦٠٠ ملیۆن) و ناوخۆ (١٤٦) ملیۆن و دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (٨٠) ملیۆن.
قەبارەی پرچەککردنی گرووپە جێبەجێکارەکان روون نییە، بەڵام بە سەرنجدان لەو جەنگانەی دژی داعش کردی، تێیدا ئۆتۆمبێلی سەربازی نوێ، کاتیۆشا، موشەک، راجیمە، دۆشکەی چوار لولە و یەک لولە و هەمەری ئەمەریکی و زرێپۆشی رووسی و ئەمەریکی، تانکی رووسی (T٧٢)، تۆپی جۆراو جۆر، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ... تاد.
هەنگاوی دیار لە پرچەککردنی گرووپە جێبەجێکارەکان، بەردەوامی ئێرانە لە هاوکاریکردنیان و پێدانی موشەکی بالیستی کە رەنگە ببێتە مەترسی بۆ وڵاتانی دراوسێی عێراق هاوپەیمانی ئەمەریکا یان ئەوانەی پەیوەندیەکی خراپیان لەگەل ئیران هەیە.
ئێران سەرپەرشتی پرۆسەی هاویشتنی موشەکەکان دەکات، لە کاتێکدا حکومەتی عێراق ناتوانێت رێگری بکات لە گرووپە جێبەجێکارەکان لە ئاراستەکردنی موشەک دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، یان بەرژەوەندی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە، وەکو سعودیە کە بۆریەکانی نەوتی ئەو وڵاتە لە ١٤ ئایار ٢٠١٩ رووبەڕووی هێرشی موشەکی بوونەوە کە لە باشوری عێراقەوە ئاراستەکرابوون، ئەو نمایشە سەربازییەی حەشدی شەعبی لە سەربازگەی (ئەبو مونتەزیر محەمەداوی) لە دیالە (کەمپی ئەشرەفی پیشوو) کردی، سیستمی بەرگری بەهێز و کەرەسەی سەربازی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ... تاد نمایش کرد، ئاماژەی ئەوەن کە ئەو هێزە نەک تەریبی هێزی سەربازی حکومەتی عێراقە بەڵکو لە هەندێک بواردا لەویش باڵاترە.
هەندێک ئەژماری سەر بە گرووپە جێبەجێکارەکان یان نزیک لێیانەوە لە تیلیگرام، دەیان دیمەنی ڤیدۆیی و سەدان وێنەی نمایشی سەربازی ئەو هێزانەیان بڵاوکردەوە کە کەرەسە و چەکی پێشکەوتوی جەنگیان پێیە، نموونەی ئەو وێنە سەرنجراکیشانە ئۆتۆمبێلی سەربازیە کە ئامێری تێدایە پەیوەستە بە مانگە دەستکردەکانەوە و وەک وێسگەیەکی چاودێری ناوچە سنووریەکان و جێبایەخەکان بەکاردێت هاوشێوەی بنکە ئەمەریکییەکان. هەر لەو نمایشەدا ئۆتۆمبێلی جۆری (تۆفان) دژەمین دەردەکەوێت کە لە لایەن سوپای پاسداران، حەشدی شەعبی و سوپای سوریاوە بەکاردێت.
هێزە جێبەجێکارەکان چەند جۆرێک موشەکی (١٢٢ ملم)ی (رەعد ٢٤ و رەعد ٣٦)یان نمایش کرد کە لەسەر بارهەڵگری دروستکراوی ئێران جێگیردەکرێن، هەروەها لە نمایشەکانیان تانکی (T٧٢ و T٩٠)ی رووسیان پێبوو، لە چەند وێنەیەکیشدا وێستگەی کۆنترۆڵی زەمینی پەیوەست بە رادارى دوورمەودا و ئامێری ئەلیکترۆنی چاودێری دوورمەودا، کەرەسەی دیاریکردنی پێگەی جوگرافی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەندی کەرەسەی تری سەربازی هێزی ئاسمانی حەشدی شەعبی دەردەکەون.
لە سەروبەندی خۆئامادەکردنیش بۆ نمایشی سەربازی، هەندێک ئەژمار و پێگەی هەواڵێ نزیک لە هێزە جێبەجێکارەکان، وێنە و دیمەنی ڤیدۆییان بڵاوکردەوە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەسەر ئۆتۆمبێل جێگیرکراوە، لەوانە (فڕۆکەی سایا)ی دروستکراوی ئێرانی و فڕۆکەی (موهاجیر ٦) کە ماددەی تەقینەوەی لێدەبەسرێت و بەوە ناسراوە وردە لە پێکانی ئامانج و لە رێگەی سیستمی (GPS) ئاراستەدەکرێت، بە گشتی نمایشەکان ئەوە دەردەخەن کە هێزی ئاسمانی حەشدی شەعبی بەهێزترە لە هێزی ئاسمانی سوپای عێراق، بە تایبەت لە بواری بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی هەواڵگری.

## هەنگاوەکانی حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەوڵەتی تەریب

سەرۆکوەزیرانی پێشوو عادل عەبدولمەهدی، لە ئەمموزی ٢٠١٩ فەرمانی ژمارە (٢٣٧)ی دەرکرد و تێیدا هاتووە «هێزەکانی دەستەی حەشدی شەعبی بەشێکی دانەبڕاون لە هێزە چەکدارەکان و لەژێر فەرمانی سەرۆکی گشتیی هێزە چەکدارەکاندان»، هاوکات بڕیاریدا بە داخستنی تەواوی نووسینگە ئابوورییەکانی حەشد تا ٣١ ئەمموز ٢٠١٩، حەشدی شەعبی ڕایگەیاند پابەندە بە فەرمانەکەوە و سەرجەم نووسینگە ئابوورییەکان لە شارەکان دادەخات، بەڵام داوای دوو مانگ کاتی زیادەی کرد بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە، لە واقیعدا جۆی دەدزیەوە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکە.

لەوکاتەوە دەسەڵاتی گرتەدەست لە ئایار ٢٠٢٠، مستەفا کازمی بەشێوەیەکی خاو و بە وریاییەوە دەیویست دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر گرووپەکانی هاوپەیمانی ئێران بسەپێنێت و لە ڕێگەی وشککردنی سەرچاوەی داراییان لاوازیان بکات، چەند ڕێوشوێنی گرتەبەر و گۆڕانکاری لە سەرکردە ئەمنی و سەربازییەکانی نزیک لەو گرووپانەدا کرد، ئەمە وێڕای ئەوەی لێپێچینەوەی لە هەندێک کرد و هەندێک کەسیشی دەستگیر کرد کە ببوونە مەترسی بۆسەر ئاسایشی وڵات و نێردە دبلۆماسیەکانیان بە ئامانج گرتبوو.

مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران چەندین ڕێوشوێنی تری گرتەبەر بۆ گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان و دانانی سنوورێک بۆ نفوزی گوروپە شیعە نیمچە سەربازییەکانی هاوپەیمانی ئێران، یان گرووپە جێبەجێکارەکان کە بەیعەتیان داوەتە ڕێبەری باڵای ئێران عەلی خامنەیی، لە گرنگترین ئەو ڕێوشوێنانە:

**یەکەم: گۆڕانکاری لە سەرکردە ئەمنی و سەربازییەکان**

کازمی هەوڵیدا هەندێک لە سەرکردە ئەمنی و سەربازییەکانی نزیک لە گرووپە جێبەجێکارەکانی دووربخاتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گرووپە چەکدارەکان بوویەوە کە زیاتر لە جارێک بە شەقامەکانی بەغدادا بڵاوبوونەوە، بۆ لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی ئێران و کاریگەری دەیان ڕاوێژکاری ئێرانی، کازمی زنجیرەیەک گۆڕانکاری لە پێکهاتە و بونیادی سەرکردایەتی دەزگا ئەمنی و سەربازیەکاندا کرد، لەو چوارچێوەدا (فالح فەیاز) کە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە بە (بریکاری ئێران) ناوزەد دەکرا لە پۆستی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە ٤ ئەمموز ٢٠٢٠ لادا و فەریق عەبدولغەنی ئەسەدی سەرۆکی پێشووی دەزگای دژەتیرۆر و پاڵێوراوی گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان بۆ جێگرتنەوەی عادل عەبدولمەهدی کردە سەرۆکی

> داهاتی گرووپە جێبەجێکارەکان و حیزبە سیاسییەکان کە باڵی سیاسیی گرووپە چەکدارەکانن نزیکەی (٧,٦) ملیار دۆلاری ساڵانەیە

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و قاسم ئەعرەجی کردە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی.

ئەعرەجی سەرکردە لە ڕێکخراوی بەدر و وەزیری پێشوی ناوخۆ بە نزیکی و پەیوەندی باش لەگەڵ ئەمەریکییەکان و ئێران و سەرکردەکانی حەشدی شەعبی ناسراوە، بۆیە بەلای کازمیەوە ئەعرەجی یارێکەرێکی باش بوو بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی

نێوان حکومەتی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەک و گرووپە هاوپەیمانەکانی ئێران لەلایەکی ترەوە.

بە سەرنجدان لەو دامەزراندنانە، ڕووندەبێتەوە کە سەرۆک وەزیران مەبەستێتی پێگەی هێزە ئەمنیەکان لە چەسپاندنی یاسا بەهێز بکات، بە جۆرێک کە نفوزی هێزە هاوپەیمانەکانی ئێران لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا لە بوارەکانی ئاسایش، سەربازی و سیاسیی پلەبەپلە لاواز بکات.

لە ڕووی واقیعیەوە، کازمی پێویستی بە کاتی زیاتر لە ماوەی ڕاگوزەری هەیە تا دوبارە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان ڕێکبخاتەوە، بەتایبەت دوای گۆڕینی سەرۆکی دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی کە لە ٢٠١٤ بەدواوە لەژێر سەرپەرشتی فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی نەیاری ئەمەریکادا بوو.

### دووەم: وشککردنی سەرچاوەی دارایی

لەگەڵ پاشەکشەی جوڵەی ئابووری بەهۆی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨-٢٠٢٠ و جێکەوتەکانی لەسەر حکومەتەکەی مستەفا کازمی، لە هەوڵێکدا بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتهێنانی بودجەی دەوڵەت و لاوازکردنی توانای دارایی گرووپە جێبەجێکارەکان کە دەستیان بەسەر بەشێکی گەورەی داهاتی دەروازە سنوورییەکاندا گرتبوو، مستەفا کازمی دۆسیەی گەندەڵی دارایی لە دەروازە سنوورییەکان جولاند، هەوڵیدا دەسەڵاتی حکومەت بگێڕێتەوە بۆ دەروازە سنوورییەکان، لەوانە هەردوو دەروازەی مونزریە و مەندەلی کە لەژێر دەستی گرووپە چەکدارەکانی هاوپەیمانی ئێراندا بوون. لە ١١ ئەمموزی ٢٠٢٠ بە فەرمانی مستەفا کازمی فەرماندەی پرۆسە هاوبەشەکانی ڕاسپارد بە کۆنترۆڵکردنی هەردوو دەروازەی مونزریە و مەندەلی بە شێوەی بەردەوام لە لایەن (هێزی دەستەبژێر) بۆ نەهێشتنی گەندەڵی تێیدا.

هێزی دەستەبژێر پێکهاتووە لە تیمی (وەڵامدانەوەی خێرا و حەشدی شەعبی) کە لەلایەن ئەمەریکاوە خراونەتە لیستی ڕەشەوە، لەلایەن سەرکردەیەکی ڕێکخراوی بەدر بەناوی لیوا سامر محەمەد ئیسماعیل (ئەبوتوراب حوسێنی) سەرپەرشتی دەکرێت، کە گومان دەکرێت بەرپرس بووبێت لە بڵاوەپێکردنی قەناسبەدەستەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران، بۆیە پشتبەستن بە هێزێک کە لەلایەن یان نزیکانی حیزب و گرووپە جێبەجێکارەکانەوە بەڕێوەببرێت نابێتە مایەی زاڵبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر تەواوی داهاتی دەروازە سنوورییەکان و نەهێشتنی گەندەڵی تێیدا.

### ئاڵنگارییەکانی دەوڵەتی تەریب بەرامبەر دەوڵەتی عێراق

لە دوو ڕووداوی جیاوازدا مستەفا کازمی سەرۆک وەزیران شکستی هێنا لە چەسپاندنی توانای دەوڵەت لە بەرەنگاربوونەوەی هێزە جێبەجێکارەکان، هەرچەندە هەر سێ سەرۆکایەتیەکە (سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نوێنەران)، ئەنجومەنی باڵای داد و مەرجەعی ئایینی پاڵپشتی ناوبراویان کرد بۆ گێڕانەوەی شکۆی دەوڵەت و ڕێگری لە کاریگەری «دارایی و چەکی نایاسایی لەسەر هەڵبژاردنەکان» وەک ئاماژەیەک بۆ کاریگەری چەکی گرووپە جێبەجێکارەکان لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، بەڵام کازمی لەو هەوڵە شکستی هێنا.

سەرچاوەکانی تری هێزی کازمی بریتیبوون لە پاڵپشتی زۆرێک لە حیزب و کوتلە سیاسییەکانی ناپەیوەست بە گرووپە چەکدارەکان، جوڵانەوە ناڕەزایەتییەکان، بوونی هێزی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لەسەر بیروباوەڕی سەربازی ئەمەریکی ڕاهێنانیان پێکرابوو و دووربوو (تا ڕادەیەک) لە پێکهاتەی تایەفەگەری، گێڕانەوەی (عەبدولوەهاب ساعیدی) کە لەلایەن ئێران و هاوپەیمانەکانیەوە ڕەتکرابویەوە و کرایە بەرپرسی دەزگاکە بۆ سەرکردایەتی هەڵمەتێکی سەربازی بە ئامانجی سنووردارکردنی تواناکانی گرووپە جێبەجێکارەکان.

لە ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٠ دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر راسپێردرا بە جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی ١٤ تۆمەتبار، کە لە بارەگایەکی کەتیبەکانی حیزبوڵای عێراق لە یەکێک لە شەقامەکانی ناوچەی دۆرە باشووره بەغداد بوون، ئەوانە تۆمەتباربوون بە بەئامانجگرتنی ناوچەی سەوز و فڕۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی، بەڵام زۆری نەبرد چەکدارانی گرووپە جێبەجێکارەکان بە ئۆتۆمبێلی حکومیەوە هەڵیانکوتایە سەر ناوچەی سەوز بێ ئەوەی تووشی رێگرییەکی ئەوتۆ ببن لەلایەن پاسەوانانی ناوچەی سەوز کە سەرکردەیکی دیاری نزیک لە ئێران لێی بەرپرس بوو.

وەک ئاماژەیەک بۆ لاوازی دەوڵەت لە بەرنگاربوونەوەی هێزە جێبەجێکارەکان و بێتوانایی لە دادگایکردنیان و ترسان لە رووبەڕووبونەوەیان، تەواوی تۆمەتبارەکان کە لە لایەن دەزگای دژەتیرۆر دەستگیر کرابوون ئازاد کران، ئەمەش بە پاساوی نەبوونی بەڵگەی پێویست بۆ تێوەگلانیان لەو کارە. هەرچەندە بەپێی یاسا چەند رۆژێکی کەم بەس نییە بۆ رێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لە بێتاوانی ئەوانە.

لە رووداوێکی هاوشێوەدا، هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە ٢٦ ئایار٢٠٢١ سەرکردەی پرۆسەکانی حەشدی شەعبی لە رۆژئاوای ئەنبار (قاسم موسلیح)یان بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیر کرد، دوای چەند رۆژێک ناوبراو ئازاد کرا، ئەمەش لەژێر فشاری گرووپە جێبەجێکارەکان کە سەرۆک وەزیران رووبەڕووی بوویەوە.

کازمی لە رێگەی هەڵکوتانە سەر بارەگاکانی کەتیبەکانی حیزبوڵای عێراق و دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی حەشدی شەعبی (قاسم موسلیح) ویستی بەشێک لە شکۆی دەوڵەت بۆ دامودەزگاکان بگێڕێتەوە، کە بارمتەی نفوزی سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و پارێزگاری هێمنی و ئاسایش کە بارمتەی ویستی گرووپە جێبەجێکارەکانی هاوپەیمانی ئێرانە، ئەوان ئاڵنگاری گەورەن لەبەردەم هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و بە شێوەی کاروانی سەربازی جوڵە دەکەن و لە شەقامەکانی بەغدای پایتەخت بڵاودەبنەوە، ئەنانەت بێ هیچ مەترسی و لێپێچینەوەیەک دەچنە ناوچەی سەوز کە ناوەندی حوکمڕانیە لە عێراق.

## ئاڵنگارییەکانی حکومەت لە بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی تەریب

### یەکەم: چەك بەدەستی دەوڵەتەوە بێت

دوای راسپاردنی بە پێکهێنانی حکومەت و شوێنگرتنەوەی عادل عەبدولمەهدی، مستەفا کازمی لە نیسانی ٢٠٢٠ بەڵێنی دا کە « لە رێگەی چەند رێوشوێنێکی یەکلاکەرەوە چەک تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بهێڵێتەوە»، مستەفا کازمی لەمەدا رووبەڕووی ئاڵنگاریەکی گەورەی گرووپە جێبەجێکارەکان بوویەوە کە رەتیانکردەوە چەک رادەستبکەن، گرووپە جێبەجێکارەکان بێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بە ئۆتۆمبێلی حکومی جوڵە دەکەن، ئەمەش ئەو گرووپانەن کە حکومەت بە «لایەنی چەکدار کە نایانەوێت پابەندبن بە دەوڵەتەوە» وەسف دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە حکومەت بڕوای تەواوی بەوەیە چەکی بێ مۆڵەت بەدەست گرووپە جێبەجێکارەکانەوەیە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، بەڵام رێوشوێنی ئەوتۆی نەگرتۆتەبەر بۆ نەهێشتنی دیاردەی چەکداری و چەکداماڵین لەو گرووپانە.

### دووەم: لاوازی هێزە ئەمنییەکان

لە زۆربەی دۆخەکاندا گرووپە جێبەجێکارەکان پابەند نین بە کارکردن لەژێر سەرکردایەتی دەستەی حەشدی شەعبی کە وابەستەیە بە نووسینگەی سەرکردەی هێزە چەکدارەکان مستەفا کازمی، ئەوان بە شێوەی سەربەخۆ بڕیاری خۆیان دەدەن جا بڕیارەکە پەیوەست بێت بە جوڵەی سەربازی، یان پێکهاتەی رێکخستن، یان پەیوەندی لەگەڵ سوپای پاسداران و جوڵەیان لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق، هەروەها لە هەڵوێستی سیاسیی و پرۆسە سەربازییەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق.

هێزە ئەمنیەکانی بەوەندە وازیان هێناوە کە هێزەکانیان بڵاوەپێبکەن بێ ئەوەی لەگەڵ گرووپە جێبەجێکارەکان تووشی رووبەڕووبوونەوە ببن، بە تایبەت دوای هەر

هێرشێکی ئەو گرووپانە کە ئەنجامی دەدەن، یان دژی جوڵەکانیان کە بە ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدارەوە لە شەقامەکانی پایتەخت دەسوڕێنەوە و پەلاماری ناوچەی سەوز دەدەن.

کازمی دەزانێت هێزی پێویستی لەبەردەستە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی کۆنترۆڵکردنی چەک لەدەست هێزەکانی حکومەت، بەڵام درکی بەوە کردووە کە نفوزی گرووپە جێبەجێکارەکان هێندە زۆرە کە دەبێتە هۆی هەڵایسانی جەنگی ناوخۆ، هەروەکو پێشتریش رایگەیاندووە مەترسی جددی هەیە لەسەر عێراق کە لە ماوەی چەند سەعاتێک تووشی فەوزا ببێت و ئەو هێزانە زۆر بە ئاسانی دێنە ناو ناوچەی سەوز.

### سێیەم: شەرعییەتی دەستووری و ئایینی گرووپە جێبەجێکارەکان

کازمی رووبەڕووی ئاڵنگاری قەناعەتپێکردنی هێزە ئەمنیەکان بە جەنگان دژی گرووپە جێبەجێکارەکان بوەتەوە، ئەوان شەرعییەتی خۆیان لە فەتوای (جیهادی کیفائی) مەرجەعی باڵای شیعەکان عەلی سیستانی وەرگرتووە کە لە (١٣ حوزەیرانی ٢٠١٤) دەریکرد، دواتریش ئەنجومەنی نوێنەران لە ٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠١٦ وەکو هێزێکی فەرمی شەرعییەتی پێدان، بە سەرنجدان لە واقیعەکە هێزە ئەمنییەکان پێیانوایە گروپە جێبەجێکارەکان بەشێکی شەرعین لە هێزەکانی حەشدی شەعبی.

هێشتا گرووپە جێبەجێکارەکان هاوکاری دەرەکی وەردەگرن، لە بنەڕەتدا خاوەن سیستمێکی دارایی بەهێزن و نووسینگە ئابوورییەکان پاڵپشتی دەکەن، هاوکات سیستمێکی چەکداری پێشکەوتویان هەیە چ لە رێگەی پاڵپشتی دەرەکی بێت یان پەرەپێدانی چەکسازی تایبەت، مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانیش درکی بەو راستییە کردووە کە لە ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی ئەو هێزانە تووشی مەترسی جددی دەبێت و دوورنییە عێراق بکەوێتە گێژاوێکی ئەمنیەوە و دواجاریش هاوشێوەی سەنعا ئەو هێزانە دەسەڵاتی تەواو بەسەر بەغدادا بسەپێنن، بۆیە کۆتایهێنان بە هێزی گرووپە جێبەجێکارەکان لە ئێستادا ئەگەرێکی زۆر لاوازە، بە پێچەوانەشەوە ئەو گرووپانە لە هەوڵی خۆبەهێزکردنی زیاتردان لە رووی سەربازی و ئابوورییەوە تا پێگەی سیاسیی خۆیان برەوپێبدەن جا چ لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێت یان دەسەڵاتی یاسادانان.

**سەرچاوە:**

**مركز الجزيرة للدراسات**

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS